ڕیزی پێشەوە تەواو بکەن، پاشان ئەوەی لە دوای دێت، و ئەگەر هەر کەموکورتییەک هەبوو؛ ئەوا با لە ڕیزی کۆتاییدا بێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ڕیزی پێشەوە تەواو بکەن، پاشان ئەوەی لە دوای دێت، و ئەگەر هەر کەموکورتییەک هەبوو؛ ئەوا با لە ڕیزی کۆتاییدا بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والنسائي]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بەو پیاوانە کردووە کە بە کۆمەڵ نوێژ دەکەن؛ ڕیزی یەکەم تەواو بکەن، پاشان ڕیزی پشتی، و بەم شێوەیە، ئەگەر کەموکورتی لە ڕیزێکدا هەبێت؛ با ئەم کەموکورتیە لە ڕیزی کۆتاییدا بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65738